# سیناریۆی ڕەش, سیناریۆی سپی

# باسێك دەربارەی ڕەوەندی هەلومەرجی سیاسی لە ئێراندا

**نووسینی مەنسوور حیکمەت    وەرگێڕانی بۆ کوردی بەکر ئەحمەد**

**بۆ یەکەمجار لە بەرواری تەممووزی 1995 لە ژمارە (18)ی "انترناسیونال"ی دەورەی یەکەم بلاوکراوەتەوە**

**ڕوونکردنەوەیەکی کورت:**

باسی سیناریۆی ڕەش لە ئەپریلی 1995دا نووسراوە. خوێندنەوەیەکی ئاییندەبیانەیە بۆ ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە سیناریۆکانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەردەم بزووتنەوە سیاسییەکانی ئێراندا دایدەنێت. بەلام هاوکاتیش باسێك نییە تایبەت بێت بە ئێران. بەڵکو سەرنجدانێکی ئەو ڕووداوە جەرگبڕانەی دنیای ئەمڕۆی ئێمەیە کە لە بەشێکی گەورەی ئەمڕۆکەدا دەگوزەرێ. سیناریۆی ڕەش, وەك مەنسوری حیکمەت لەم وتارەدا ئاماژەی پێدەکات, لە هیچ جێگایەکی ئەدەبیاتی مارکسیستیدا ئاماژەی پێنەکراوە. مەنسوری حیکمەت, سیناریۆی ڕەش بە هەلومەرجێك دەڵێت کە:"تیایدا قسە لەسەر گۆڕینی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو لەسەر تێکوپێکدانی چوارچێوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگایە, ئەویش نەك بە خواست و ئیرادەی جەماوەر, بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەی خواست و ئیرادەی ئەوانەوە و لە هەناوی دەسەپاچەیی و بێچارەبوونێکی گشتیدا."

ئەم وتارەی بەر دەستتان, دەسپێکی دامەزراندنی باسەکەیە و چوارچێوەیەکی گشتی تر دەداتە دەست. بەشی درێژی وتارەکە لەسەر ناساندن و پۆلاریزەکردنی هێزە سیاسییە جیاوازەکانی ناو دەروونی بزووتنەوە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانە و دەسنیشانکردنی جێگاو ڕێگای ئەو بزووتنەوانەن کە لە کەوتنە کاری سیناریۆی ڕەشدا قازانجبەرن و خۆشیان زەخیرەیەکی گەورەی بەرینکردنەوەی سنوورەکانی سیناریۆی ڕەشن.

ئەوەی لە عێراقی ئەمڕۆدا دەگوزەرێ, کەوتنە کاری ئەم ماشێنە گەورەیەی سیناریۆی ڕەشە. وەرگێڕانی ئەم وتارە لەمڕۆکەدا بۆ سەر زمانی کوردی, دەکرێ یاریدەدەر بێت بۆ ناسینی ئەو چوارچێوەیەی کە تیایدا, جەماوەرێکی بەرینی خەڵك, بە دەر لە ئیرادە و خواستی خۆیان, لە ناو هەلومەرجێکی بەسەر فەرزکراودا, هەڵتەکاندنی بنەماکانی کۆمەڵگا بە چاوی خۆیان دەبینن و لە ناچارییەکی گەورەدا, چاوەڕوانی دەکێشن. هێزەکانی سیناریۆی سپی, ئەوانەن کە لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا, هیوا و ئومێدی بەرپێگرتن بەم تراژیدیایە بە ئینسانەکان دەبەخشنەوە و دیفاعکردن لە پاراستن و حورمەتی ئینسانی ئەوان و کۆمەڵگا, بە ئەرکی فەرامۆشنەکراوی هەر ئێستاکەیان دەزانن.

**سیناریۆی ڕەش, شێوەی پرسیارەکە**

باسی سیناریۆی ڕەش , لە سەرنجدانێکی بناغەییەوە دەستپێدەکات کە لە پلەی یەکەمدا پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە, بەڵکو پەیوەندی بەم قۆناغەوە هەیە کە ژیانی تیا بەسەر دەبەین. لەم ڕۆژگارانەدا, هەر کاتێك تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەیت, ئەو ئینسانە دەربەدەرانە دەبینیت کە ئەوەی لە ژیانیاندا بۆیان ماوەتەوە, ناویانەتە سەر شانیان و لەدەست کارەساتێك هەڵهاتوون. لە سەر چەقی فلانە دووریاندا, لە بەردەم هەواڵنێرەکانی "سی ئێن ئێن"دا ڕاوەستاون و دەربارەی ماڵوێرانییەکانی خۆیان دەپەیڤن. دواتریش گردۆڵکەیەك لە ئینسانی کوژراو, تەقینەوەی تۆپ و موشەکەکان, شارە وێرانکراوەکانی خۆیان نیشاندەدەن. چەند دیمەنێك کە زەمینەکانی هەواڵ پێکدەهێنێن. ئەو هەستەی لای بینەرانی ئەم دیمەنە دروستدەبێت ئەوەیە کە ئەم کارەساتە شتێکی چاوەڕواننەکراو نییەو تایبەت بە تاکێك نییە. ئەم کارەساتانە ئەنجامی ڕووداوێك نین کە کۆتاییان هەیە, یان شەڕێکە و لە دەرەوەی "قاعیدەدا" ڕووی داوە و بڕیارە کۆتایی پێبێت. ئینسان هەستناکات کە ئەم قوربانییە خۆی بەشێك لە کێشەکە بێت و یان ڕۆڵێکی لە چارەنووسی تاریکی خۆیدا هەبێت, یاخود بڕیارە دوو سبەی بۆ ڕزگارکردنی خۆی کارێك ئەنجامبدات. ئینسان هەستدەکات لەگەڵ دیمەنەکاندا, شایەتی یەك هەلومەرجی هەمیشەییەیی و یەك شێوە ژیانە, شایەتی بێچارەییبوونێکە, وەك ئەوەی سیناریۆی بەسەردافەرزکراوی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە ئینسان بێت کە نە خۆیان و نە بینەرانی دیمەنیش بڕیارە کارێکیان لەبەرانبەریدا پێبکرێت. هەر ئەڵێی ئەوەی دەگوزەرێ, ڕووداو نییە, بەڵکو تەنها دیمەنێکە. ڕواندا, سۆماڵ, یوگوسلافیا, شیشان و هتد و هتد. لەم هەموو نموونانەدا, ئینسان وێنەیەك بەدەست دێنێت, وێنەی هەلومەرجێکی "هەمیشەیی" نەك کێشمەکێش و ناخۆشییەکی گووزەرگەرا کە لە دەروونی یەك ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا پێکدێت.

ئەم دیمەنانە هانی ئێمەی بینەران نادات بۆ ئەوەی کارێك ئەنجامبدەین. لە پلەی یەکەمدا بە هۆی ئەوەوەی کە لە ڕواڵەتدا دەکرێ لە پشتی زۆر شتەوە خۆمان بشارینەوە. بۆ نمونە لە پشت ئەوەوەی کە من و ئێوەی بینەرانی دیمەن, زمانی قوربانیانی ناو تەلەفیزیۆنەکە نازانین. لەوە ناگەین کە دەڵێ: مناڵەکەم لەو پشتەوە خسۆتە چاڵێکەوە و خۆم هەڵهاتووم. یان بە تەنها خۆم دەرباز بووم. یان ماڵمان لە گەڵ زەویدا تەختکراوە. ئێمە لە پشت ئەو واقعییەتانەوە خۆمان حەشاردەدەین کە ئەم نەهامەتییە لەوانەیە لە باری جوگرافیاییەوە چەند هەزار کیلۆمەترێك لە ئێمە دوور بێت، یان ئەوەی کە ئەم وێنانە پەیوەندییان بە دوێنێوە هەیە

نەوەك ئەمرۆ، لەوانەیە تا ئێستا كەسێك بە هانای ئەم قوربانییەوە هاتبێت، لەوانەیە ئەو قوربانییە كەمێك لەو لاترەوە بە سەرپەنایەك گەیشتبێت، یان لەوانەیە ئەو بریندارە، یان ئەو نیوگیانە بەجێهێڵراوەی فلانە كوشتاری بە كۆمەڵ، ئێستا گیانی دابێت و حەسرەت و غەمە قورسەكەی لەگەڵ خۆیدا بردبێت. بە ملیۆنەها ئینسان ڕۆژانە خۆیان لە پشت ئەم بیانووانەوە دەشارنەوە تاكو لە دەست ئازارو تاڵی ئەم واقعیەتانە ڕزگاریان بێت.جێی داخە ئەمە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئینسانی ئەمرۆیە، بەڵایەك كە لە كات و شوێنێكی دیكەدا و بەسەر ئینسانێكی دیكەدا هاتووە، یان بە تایبەتی و بە وتەی باوی ئەمرۆ بەسەر ئەو ئینسانانەدا هاتووە كە "كولتوور"ێكی تریان هەیە، بە هەمان ئەندازە دەردناك نییە كە ئەگەر لێرە و هەر ئێستا بەسەر خودی ئینسان خۆیدا بهاتایە. هەر ئەم مەسافە كاتی و شوێنی و وجودیە، ئەو ڕێیەمان پێدەدات كە بتوانین ڕوومان وەرگێڕین و بڵێین كە حەوسەڵەی بینینی ئەو دیمەنانەمان نییە و مێشكمان داغاندەكات. هەر بۆیەش دەكرێ تەلەفیزیۆنەكە بكوژێنینەوە و بچین بە سۆراغی كاری خۆمانەوە.

باسی سیناریۆی ڕەش, هێنانەگۆڕی ئەو چوارچێوەیەیە كە بە هۆیەوە بچینە سۆراخی ئەم "خۆشاردنەوە و ڕووەرگێڕانە"ی من و تۆ و ژمارەیەكی زۆرتر لە خەڵكی، تا ئەم "خۆشاردنەوە و ڕووەرگێڕانە"بە ئەنجامنەگات.

ئەو دیمەنانە، دەكرێ دیمەنی ئێمە و خەڵكانێك بێت كە بە زمانیان ئاشناین. بە سادەیی، دەكرێ داستانی ژیانی ئەم خەڵكەش بێت. ئەم دیمەنانە دەكرێ دیمەنی "وەزعییەتێكی هەمیشەیی" بێت لە ئێراندا. لێرەدا ئیتر، هەتا بۆ كورتبیینترین كەسانێكیش، ڕێگای هەڵهاتن لە هەستكردن بە بەڵایەك كە ڕاستەوخۆیە، ئیمكانی نییە. ئیتر ڕێگای هەڵهاتن بۆ دەربازبوون لە بەرپرسیارێتی بە تەواوەتی بەستراوە. ئەگەر لەبەرانبەر ڕواندا و ویوگوسلافیادا دڵخۆشی خۆمان بەوە دەدەینەوە كە كارێكمان لە دەست نایەت، لێرەدا دەبێ بە فیكری كارێكەوە بین، تەلەفیزیۆنێك لە كاردا نییە تا خامۆشی كەین.

لە نێوان ئەوەی كە من بە سیناریۆی ڕەش ناوی لێدەبەم و خرۆشانێكی شۆڕشگێڕانەدا، ئاسمان و ڕێسمانە. باسی سیناریۆی ڕەش بە تەنها باس لە ڕوودانی بەیەكدادان و كێشمەكێشی خوێناوی نییە. دیمەنی سوپایەك كە بەڕووی جەماوەردا گوللە دەبارێنێ و ئەوانیش بە هاواری

" تۆپ و تانك نامانترسێنێ" وەڵام دەدەنەوە، دیمەنی سیناریۆی ڕەش نییە. بەڵكو ئەمە دیمەنی شۆڕشێكە. ئاخر لە شۆڕشی جەماوەریشدا خوێن دەڕێژرێت. بەڵام یەكێك لە تایبەتییەكانی سیناریۆی ڕەش, ڕەگەزی داماوی‌و بێچارەییە لە كۆمەڵگادا. بێتوانایی كۆمەڵگایە لە درك كردنی ئەوەی كە ئەم هەلومەرجە چۆن پێكهاتووە، تاكەی درێژە دەكێشێ و چۆن كۆتایی پێدێت؟ شۆڕش مەیدانی كێشمەكێشە، كێشمەكێشێك كە هەندێك جار زۆر خوێناوییە و لەلایەن جەماوەرەوە بۆ باشتركردنی هەلومەرجی كۆمەڵایەتی پێویست بووە. هیچ ئاڵوگۆڕێكی مێژوویی بە بێ دەردی سەری نەچووەتەپێش. بەڵام من، ناوی سیناریۆی ڕەش لە هەلومەرجێك دەنێم كە تیایدا قسە لەسەر گۆڕینی كۆمەڵگا نییە، بەڵكو لەسەر تێكوپێكدانی چوارچێوە مەدەنییەكانی كۆمەڵگایە ئەویش نەك بە خواست و ئیرادەی جەماوەر, بەڵكو ڕێك بە پێچەوانەی خواست و ئیرادەی ئەوانەوە و لە هەناوی دەسەپاچەیی و بێچارەبوونێكی گشتیدا.

ئەم هەلومەرجە دەكرێ لە ئێراندا ڕووبدات. بەو شێوەیەی كە دەگوزەرێ، دوور نییە كە ڕۆژێك خەڵكی جیهان لە شاشەی تەلەفیزیۆنەكانیانەوە، ئەو ئاوارانە ببینن كە لە شیراز و ئەسفەهان و ڕەشت و ئەراكەوە هەڵهاتوون و شیوەن دەكەن كە فلانە گروپی ئیسلامی، فیسارە سەركردەی سەربازی بەرەی ئارياییە ڕەسەنەكان، یان كەسێكی دیكەی سەر بە لقێكی دیكەی موجاهیدین، شار و ماڵ و قوتابخانەكانیان بەسەریاندا كاولكردووە و ئەوانیان لە خوێن هەڵكێشاوە. دەكرێ ئەم هەلوومەرجە نەك ڕووداوێكی ئیستیسنائی، بەڵكو قاعیدەیەك و شێوەیەكی ژیان بێت لە ئێراندا كە چەندین ساڵ درێژە بكێشێت. دەكرێ وەكو لوبنانی چەندین دەیەی پێش ئێستا، یوگوسلافیای ئەمرۆ، لە زەینی خەڵكیدا هەلومەرجێكی ئەزەلی و ئەبەدی بسازێنێ. گوایا بە جیا لەمە، هیچ شتێك نەبووە و ناشبێت.

بەڕەسمی ناسینی ئەم مەترسییە، واتا ئەگەری واقیعی ئەم سیناریۆ ڕەشە لە ئێراندا، یەكێك لە پێوەرەكانی چەندوچۆنی جدی بوونی هێزە سیاسییەكانی ئێران و سەنگی مەحەكی ڕابەرە سیاسییەكانی ئەو هێزانەن. ئەوەندەی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەبێت، ئەم باسە هەتا بڵێی باسێكی زەرووری و پێویستە. هەموو كەس دەزانێت ئێمە لە پەیوەند بە كۆمەڵگا، چینەكان، چەوساندنەوە, شۆڕش، ئازادی و بەرابەری چی دەڵێین. بەڵام ئایا ئەوەش دەزانن كە ئێمە دەربارەی دوورنما و ئاییندەیەكی لەو جۆرە چی دەڵێین؟ خاڵی بەهێزی باسی من لە پەیوەند بە سیناریۆی ڕەشەوە ئەوەیە كە ئێمە كەسانی ناو مێژوویەكی زیندووین كە دەتوانن ئەم ڕەوتە مەترسیدارە بخەنە پێش چاوی خۆیان. ئێمە ئەكتەرانێكی ناو شانۆگەرییەك نین كە پێشووتر ئاخاوتن و جوڵەمان دیاریكرا بێت و خرابێتە بەردەستمان. كۆمۆنیستێك كە ئەركە مێژوویی و پێوەرەكانی بزووتنەوەی مێژووی خۆی نەناسێت، كۆمۆنیستێكی دروست نییە.

لە هیچ شوێنێكی ماركسیزمدا دەربارەی "سیناریۆی ڕەش" و زەمەنی لەیەكهەڵوەشاندنەوەی گشتی شیرازەی كۆمەڵگا و ئەركی كۆمۆنیستەكان لەبەرانبەریدا قسەیەك نەوتراوە و "چی بكەین و چی نەكەین"ێك دەستنیشاننەكراوە. ئەوە ئێمەین كە دەبێ ئەم هەلومەرجە دیاریبكەین. لێرەدا و لە كۆتایی ئەم شیكردنەوەیەشدا، ئەوەی كە خاڵی گرنگە، دووبارە جەختكردنەوەیە لەسەر هەلومەرج و پێداویستییەكانی پێشڕەوی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی چینی كرێكار. ئەو پرسیارەی كە داوای وەڵامان لێدەكات ئەوەیە كە ئایا دەتوانین بەرپرسیارێتییەكانی خۆمان لە هەلومەرجێكی وادا بناسین و لە ئەستۆی بگرین. ئەم بەرپرسیارێتییە دەتوانێ كۆشش بێت بۆ نەفیكردنەوەی ئەم دوورنمایە، یان لە دۆخی قەومانیدا، بە شێوازێكی خێرا كۆتاییپێهێنێت. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری, بە هێنانەگۆڕی ئەم باسە دەیەوێ بڵێ: بەڵێ, ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جۆرە دوورنمایەكی ئاوا، ئەم پرسیارە وەك بەرپرسیارییەتێكی سیاسی بە ڕەسمی دەناسین. ئێمە خەریكە دەڵێین: بەڵێ، ئەگەرێكی لەوجۆرە ئیمكانی هەیە. ئەمە بەڵایەك نییە كە تەنها بەسەر "یوگوسلافیەكاندا" بێت و "ئێرانییەكان" بەوەی كە گوایە "هونەر تەنها بەلای ئەوانەوەیە" بتوانن لەبەرانبەریدا تەلقیح كرابن و پارێزراوبن لێی. باس لەسەر كۆمۆنیزم و بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتییە. تەنها كۆمۆنیزمێك كە بتوانێت لە و بڕگە مێژوویانەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، دەتوانێت بەڕاستی مێژووی خۆی بۆ ملیۆنەها ئینسان بسەلمێنێت و ئاسۆی كۆمەڵایەتی خۆی، كۆمەڵگای دڵخوازی خۆی، پێوەر و بەهاكانی خۆی، بكاتە ئاسۆ و بەهای جەماوەرێكی بەرینی خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێش. ئەگەر ئەوە وەك گریمانێك قبوڵبكەین كە ئەم دوورنمایە ئیحتیمالی ڕوودانی هەبێت و

ئاگادارکردنەوەی ئێمەش، یەك ئاگادارکردنەوەی واقیعی بێت، ئەو کاتە هەر حزب و ڕەوتێکی دیکە کە بێ دەربایسی لەبەرانبەر ئەوەدا نیشانبدات و خۆی گێلبکات، حزبێك و ڕەوتێکی بێمانا و بێفەڕ دەبێت.

## زەمینەکانی ڕوودانی سیناریۆی ڕەش:

ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت خۆیشمان، ئالوگۆڕە سیاسییە ئایندەییەکانی ئێران وەك گوزەرێك لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە چاولێدەکەن. ئەگەر کۆدەتا، شەڕ، شۆڕش و شتی دیکە لەم بۆچوونەدا ڕوودەدات، لە واقیعدا ئەوانە هیچ شتێك نین جگە لە ئامراز و کەنالی گواستنەوە لە دەوڵەتی پێشینەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە. بە دەربڕینێکی تر، ئەم زەمەنی ئالوگۆڕە، بە هەموو شەڕێك و خوێنڕێژیەکییەوە کە دەتوانێ لە ناویدا جێببێتەوە، ئەو پارچە هێڵەیە کە دوو زەمەنی ناسراو پێکەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە جەرگەی ئەم ماجەرایەدا، دوو دەوڵەت و دوو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تارادەیەك پێناسەکراو و ناسراو, قەراردەگرن. کاتێك خەڵکی باس لە سەرنگوونکردنی جمهوری ئیسلامی ئێران دەکەن، هەمان ئەم بۆچوونەیان لەلایە: جمهوری ئیسلامی ئێران بڕوات و دەوڵەتێکی تر یان ڕژێمێکی تر، شوێنی بگرێتەوە. وەك چۆن لە پێشەوە ئاماژەم پێدا، ئێمە لەم باسەدا ئەو ئەگەرە دەهێنینە پێشێ کە ڕەوتی ڕووداوەکان دەکرێ بە شێوازێکی تردا بڕوات. هەلومەرجی دوای جمهوری ئیسلامی ئێران، دەتوانێت هەلومەرجێکی بێ شێوە و بەسەریەکدا تێکەڵاو بێت. هێنانەبەرچاوی ئەم دۆخە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دیمەنە پڕ لە ئاژاوەیەی کە لە وڵاتانی گۆشەوکەنارەکانی دیکەی دنیادا دەگوزەرێ، کارێکی دژوار نییە.

بۆچی لە ئێراندا ئیمکانی ڕوودانی ئەم سیناریۆیە هەیە؟ با بە کورتی ئەو فاکتەرانە بژمێرین:

**یەکەم:** لەوەدا هیچ گومانێك نییە کە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران, لە گێژاوی تەنگژەیەکی گەورە و قوڵی ئابووری و سیاسیدا پەلدەهاوێ. ئێمە لە ڕۆژنامەی ئەنتەرناسیۆناڵدا ئەم ئەزمەیەمان بە "دوا پەردە" ناولێناوە. بەم هۆیەوە, بە بۆچوونی من، دوا ئەڵقەیەك لە ژیانی جمهوری ئیسلامی ئێران و دەسپێکردنی پرۆسەی نابوودبوونی ئەو، بریتی نییە لە گۆڕینی ڕەیڵی ئابووری یاخود دووبارە پینەکردنەوەیەکی تری سیاسی ڕژێم. بەڵکو یەك سەرنگوونکردنی سیاسی و چارەنووسساز دەبێت. ڕژێم لە قامەتی ئێستای دەسەڵاتیدا توانای چارەسەر یان سووککردنەوەی باری ئەم ئەزمەیەی نییە. ئەم ئالوگۆڕە سیاسییە دەتوانێ کەوتنی ڕژێم بێت، یان حسابیەکلاکردنەوەی خوێناوی و یان ئالوگۆڕێك کە تەواوی بناغەکانی ئێستای ڕژێم دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە خوارترەوە، بە حاڵەتێکی تر ئاماژەدەکەم کە ئیحتیماڵی ڕوودانی زیاترە. بەڵام ئەوەی کە ڕۆشنە، دەسپێکردنی یەك دەورەی ئەزمەی سیاسی قوڵبووەوەیە کە سەرنگوونی و نابوودی تەواوەتی ڕژێمی ئیسلامی، یەك قۆناغی لێ جیانەبووەوەیەتی.

**دووەم:** جمهوری ئیسلامی وەکو ڕژێمی پاشایەتی"سەڵتەنەت" نییە کە بتوێتەوە. تەنانەت لە دۆخی سەرنگوونبوونی ئەم ڕژێمەدا، چەندین ڕەوتی ئایینی و فالانژی چەکبەدەستی تا ڕادەیەك بە هێز و داخ لە دڵ، تێرۆریست و دژی کۆمەڵگای لێدەمێنێتەوە و لە ئاستی هەموو ناوچەکەدا بوونیان دەبێت و بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەوتی ئیسلامی و بە ئامادەییەکی سیاسی سەربازییەوە لە هەر بەشێکی وڵاتدا کە دەستیان بڕوات، تێدەکۆشن. ئەگەر لەم وێنەیەدا، فالانژەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئیسلامی و ئارایییەکان، کەڵەکبازانی سیاسی و جەردە سەربازییەکانی دیکەی بخەینە سەر کە لە دۆخی نەمانی دەسەڵاتدا لە هەر گۆشەیەکەوە سەر بەرزدەکەنەوە، دەتوانین ژمارەی زۆری ئەکتەرەکانی ئەم سیناریۆیە بهێنینە پێش چاو. دامەزراندنی دەوڵەتی ئایندەیی ئێران، گرێدراوە بە لە مەیداندەرکردنی ئەم دەستەوتاقمانەوە.

**سێیەم:** بە ڕووخاندنی شۆرەویی و کۆتاپێهاتنی بەرابەرکێکانی جەنگی سارد، گەلێگ تەنگەژەی سیاسی و حوکومەتی لە وڵاتانی دواکەوتوو کە لە زەمەنی پیشووتردا لە ژێر کۆمەڵێك فشاردا زۆر بە پەلە کۆنترۆڵ دەکران، ئەمڕۆ کوشندەتر و ئاڵۆزتر بوونەتەوە. مەسەلەکانی ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی حوکمەت و هاوکات بنەما سیاسی و پەیکەرەکانی حوکمەت، لە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەدا بە مەسەلەیکی کراوە گۆڕدراوە و ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لەسەر دیاریکردنی تایبەتمەندییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان لە نەبەردێکی ئاشکرادا لەبەرانبەر یەکدا ڕاوەستاون. ئەم بۆشایی و بێ شکڵییە ئایدیۆلۆژی و سیاسیی و ناڕۆشنبوونەی پەیکەری حکومەتی بۆرژوازی لە ئێراندا، بە تەواوەتی لەبەرچاودایە.

نە سەڵتەنەتی مەشروتەخوازەکان، نە سیستەمی پارلمانی، نە دیکتاتۆری پاشایەتی و نە ڕژێمی ئیسلامی، هیچ کامیان بە مانای شێوازە جۆراوجۆرە حوکمەتییەکان، ڕەگ و ڕیشەیەکی بەهێزیان لە ئێراندا پەیدانەکردووە و نەبووەتە شێوەیەکی قبوڵکراوی دەوڵەت. مەسەلەی گرنگ لە هەر ئەزمەیەکی جدی و سیاسی لە ئێراندا، نەك تەنها پێکهاتەی دەوڵەتی ئایندە، بەڵکو "چەشنی" حوکومەتی ئایندەیە. ئەمە نەك هەر بابەتێکی جەدەلی چینایەتییە، بەڵکو تەوەری جەدەلی ناو خۆی بۆرژوازی ئێرانیشە. بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی جیهانی و دیارنەبوونی ئەلگۆ و نموونە و ئۆردوگا هەژموونەکانی بۆرژوازی لە ئاستی نێو نەتەوایەتیدا، یەکسەرەکردنەوەی شێوەی حوکمەت بۆ خودی بۆرژوازیش لە ئێراندا، بە بێ کێشمەکێشێکی توند، مەیسەر نییە.

**چوارەم:** ڕێککەوتنە کۆنە نێونەتەوەییەکانی نێوان زلهێزە ئیمپریالیستی و ئۆردوگای ڕەقیبەکان لەبەین چوون و هەموو دنیا بە مەیدانی بەرابەرکێیەکی چەند جەمسەرە لەسەر ناوچەکانی دەسەڵات گۆڕدراوە. جەدەل و بەرامبەرکێی هێزە جیهانیی و ناوچەییەکان بۆ بەدەستهێنانی هێز لە ئێراندا، هیچ گومانێك هەڵناگرێت. یەك بناغەی شەڕی ئیحتیمالی ناوخۆ لە ئێراندا، ئەم بەرابەرکێ و ململانێی هێزە نێونەتەوەییەکانە. هەر هەمان ئەو بەرابەرکێیەیە کە لە بەشێکی کانوونەکانی دیکەی ئەزمەی ئەمڕۆی جیهاندا، بۆ نموونە لە بۆسنییەدا، ڕێگری جدی چارەسەرکردن یان سووککردنەوەی ئەزمەکەن. بۆ نموونە هیچ گومانێك نییە کە لە دروستبوونی نا ئارامی و شلۆقییەکدا کە چەند مانگێك بخایێنێت، خۆرئاوا بیرێك لە وەزعییەتی خۆزستان و کەنارەکانی باکووری کەنداو دەکاتەوە. ئیمکانی ئامادەیی سەربازی ئەمریکا و خۆرئاوا، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ لە ژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە هەندێ شوێنی ئێراندا و لە هەلومەرجێکی ئاوادا کەم نییە. ئەگەر سیناریۆی ڕەش لە ئێراندا

بکەوێتە کار، لانی کەم بەقەد ژمارەی دەوڵەتانی دراوسێ و هێزە جیهانی و ناوچەییەکانیش، هێندە ئیمام و سەرەك کۆمار و خان و سەردار و  جەنەراڵیش پەیدا دەبن کە بە دارودەستە چەکدارییەکەی خۆیانەوە بەرژەوەندییەکانی ئەم هێزانە دەپارێزن.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتەرانەی سەرەوە و هەندێ هۆکاری تایبەتی دی، بە بۆچوونی من، ڕوودانی سیناریۆیەکی ڕەش لە ئێراندا، ئەگەرێکی واقیعییە.